KWR, HR

مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ

# ڕاپـۆرتــی ســــــمیـنار :

ئێوارێی ڕۆژی شەنبە ٢ی ئاوریلی ٢٠١١، لە سالۆنی ABFی شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوێد، لە ژێر سەردێری **"پێگەی ژنی کورد لە جولانەوەی ژنانی ئێراندا"**، سمینارێک بە بەشداری کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی چالاک لە بواری مافەکانی یەکسانی ژن و پیاودا بەڕێوە چو. ئەو سمینارە لە لایەن ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤەوە بۆ بەڕێز شەهاب شێخی، کۆمەڵناس و توێژەری مافەکانی ژنان داندرابو.

لە سەرەتاوە، شەهاب شێخی، باسێکی وردی لە سەر هەڵسوکەوتەکان و گۆڕانکاریەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێشکەش کرد کە تێیدا جێ و پێی خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێرانی تێدا خستە بەرچاو. لەو باسەدا دەورو نەقشی جیاوازی لایەنەکانی چالاکانی ژنی شی کردەوە. لە درێژەی باسەکانیدا شەهاب، هاتە سەر لێکۆڵینەوەی چالاکیەکانی ژنانی کورد لە ساڵانی ڕابۆردودا و جێ پێی ئەوانی هەم لە چالاکیەکانی سراسەریدا و هەم لە نێو کوردستاندا هێنایە بەر باس. لە درێژەی باسەکاندا، ئامادەبوانی سمینارەکە بە هێنانە گۆڕی پرسیار و تێبینی، بەشداریەکی گەرم و گوڕیان کرد.

لە کۆتاییدا، وێڕای سپاس لەبەرێز شەهاب شێخی وەک پێشکەشکاری باسە بە نرخەکەی و سپاس لە هەمو ئەو بەڕێزانەی کە بەشداریان کرد، ئاگادارتان دەکەینەوە کە بە زویی فیلمی تۆمارکراوی هەمو باسەکانی ئەو سمینارە لە ماڵپەڕی، مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ دادەنێنین.

ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ- کۆمیتەی ستۆکهۆڵم

٢٠١١/٠٤/٠٣

